ماوەیەکی زۆر لەمەو بەر بە هەڵکەوت ئەم بابەتەم لە سایتی «صدای ما» دا بینی. زۆرم بە لاوە سەیر بوو. ئەو شتانەی کە لەم بابەتەدا باس کراوە، لە لای حیزبەکانی خۆمان و ئەدەبیاتی حزیبی کوردی قەدەغە و بڤەیە. حەز ئەکەم کە ئەوە بڵێم من تەنها وەک وەرگێڕان ئەم کارەم کردووە و بەرپرس نیم لە ناوەرۆکی بابەتەکە. هیوادارم ڕاستیەکان و مێژوو بۆ نەوەی نوێ شی بکرێتەوە. وێنەکانی ئەم بابەتە لە سەرچاوە فارسیەکە وەرگیراوە. شاهین کەریمی ٢ی مەی ٢٠٠٦

# قادر شەریف کێ یە؟


نوسینی: همنشین بهار

وەرگێڕانی: شاهین کەریمی

shaahinkarimi@yahoo.com




زنده یاد قادر شریف

## هەر چی خەمناکە قووڵ نیە، هەر چی قووڵە خەمناکە!

زۆر دەمێکە دەمەوێ لە سەر « قادر شەریف» بنوسم، بەڵام نەم توانیوە! هەر جارە کە قەڵەمەکەمم دەگرت بە دەستەوە تا لە سەر ئەم کوردە هەڵکەوتوە شت بنوسم، قەڵەمەکەم لە دەست دەکەوتە خوار... نە دەتوانم سانسۆڕ بکەم و نە دەتوانم هەموو ئەو شتەی کە دەزانم و دەمهەوێ، بینوسم! ئەگەر بڵێم نابێت و ئەگەر نەشڵێم هەر نابێ....

قادر شەریف، کێوێک نیە لە کوردستان کە هەموان بیناسن، قادر شەریف کێ یە؟ بۆ چی زۆرێک لە ئێمە ئەسڵەن ناویمان نەبیستوە؟ تەنها ئەوە بڵێم کە کاتێک لە ساڵی ١٣٤٨ شەهید کرا، ساواکی شا، کە ئاگادار بوو لە خۆشەویستی قادر شەریف لە ناو خەڵک و پێشمەرگە و گوندنشینەکان دا، جەژنی گێڕاو و بەڕادەیەکی زۆر خۆشحاڵ بوو.

وا باشترە هەندێ بگەڕێینەوە بۆ دواوە تاکو لایەنەکانی ڕوداوەکەمان لێ ڕوون ببێتەوە. پاش « کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» ( ک.ژ.ک) کە یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی کورد لە کوردستانی ئێران بوو، حیزبی



دێموکرات کۆنترین ڕیکخراوی کوردییه له وڵاتی ئێمەدا. له شازدەی سەرماوەزی ١٣٢٥ دا لەگەڵ ڕوخانی « کۆماری مهاباد» واته یەکەمین دەوڵەتی کوردی که له ڕۆژئاوای ئێراندا پێی گرت، ڕژێمی شا « قازی محەمەد» ی ڕیبەری حیزب و چەند هاوڕێیەکی له سێداره دا و زۆرێک لەوانی خسته بەندیخانەوە. لەو بێنه و بگرەدا هەندێکیان توانیان خۆیان بگەیەننه ناوچه کوردنشینەکانی کوردستانی عێراق. قازی محەمەد و هاوڕێکانی شەهید بوون بەڵام یادیان زیندو بوو و حیزبی دێموکڕات بنەبڕ نەکرا و گیانی تێدا مابوو. هەرچەنده له سەردەمی سەرۆک وەزیرایەتی دۆکتۆر موسەدێق دا چالاکی ئاشکرای هەبوو، بەڵام تا ئەو کاتەی که شۆڕشی گەورەی دژی پاشایەتی



قاضی محمد

هاته ئاراوه، دەیان جار کەوته بەر ڕق و کینەی ساواک... دواتر له درێژەی هەمان کینەدا بینیمان که عەبدولڕەحمانی قاسملوو، شەرەفکەندی و ..... ڕێبەرەکانی تری کورد کەوتنه بەر گولەی نەزانین و جەنایەت و وەک قازی محەمەد له خوێنی خۆیاندا خەڵتان.

پاش ڕوخانی کۆماری مهاباد که یەکەمین کۆنگرەی حیزب لەودا پێکهات، دوو بەشی سەرەکی له حیزبی دێموکڕات دا دروست بوون، یەکێکیان کۆمیتەی ناوەندی و ئەوی دیکەشیان کۆمیتەی بەڕێوه بردن یان ڕاپەڕاندن بوو. عەبدولڕەحمانی قاسملوو و کەسانی بورۆکرات له کۆمیتەی ناوەندی دا چالاک بوون و له کۆمیتەی بەڕێوەبردن دا پێشمەرگه گەلێکی وەک عەبدوڵای ئیسحاقی ( ئەحمەد تۆفیق) و قادر شەریف و ..... هەبوون.

ئەم خەباتگێڕانه له دەیەی ١٣٤٠ ( ١٩٦٠) له کوردستانی ئێران و جار جار له عێراق چالاک بوون.

لەگەڵ دەرکەوتنی پێوەندی یەکێک له کەسانی نزیکی دۆکتۆر قاسملو لەگەل ساواک {...} و دەرکردنی له کۆمیتەی ناوەندی، ناکۆکی له نێوان دوو باڵی حیزبدا پەره دەستێنێت و کۆمیتەی بەڕیوەبردن سەردەکەوێ! له ساڵی ١٣٤٣ به یارمەتی مەلا مستەفای



بارزانی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکڕات له کۆیه به نهێنی بەڕێوه دەچێ و عەبدوڵای ئیسحاقی به ناوی نهێنی ئەحمەد تۆفیق وەک سکرتێری حیزب هەڵدەبژێردرێ و کۆمیتەی بەڕێوەبردن شوێن پێی خۆی قایم دەکات. بۆچی له مێژوی حیزبی دێموکڕات دا ئاماژه بەم خاڵه گرینگه نەکراوه، له من ڕوون نیه.

هەڵبەته بەره بەره هێزەکانی بارزانی کاروبار له دەست ئەحمەد تۆفیق دەردێنن و دووری دەخەنەوه بۆ گوندی بارزان. ئەحمەد تۆفیق چەند ساڵ دواتر به شێوەیەکی گوماناوی دەکوژرێت که دواتر دێمه سەر ئەم کێشەش.

هەر لەم دەیەدا له حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی عێراقیشدا له نێوان مەلا مستەفای بارزانی و برایم ئەحمەد ( خەزورەی جەلال تاڵەبانی) ناکۆکی پێک دێت، که ساواک لەوەش کەڵک وەردەگرێت...{...}

برایم ئەحمەد پاش جیابونەوه له مەلا مستەفا، له سەر بانگهێشتی دەوڵەتی عێراق بۆ دانوسان دەچێته سلێمانی و لەگەڵ لایەنگرەکانی له نزیک شاری سلێمانی له بەکرەجۆ دادەمزرێن. لەم کاتەوه بەشێک له حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی عێراق که دواتر دەبێته یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، پێک دێت. هەر لێرەدا ئەوه وەبیر بێنمەوه که ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی توده ی ئێران له هەمان دێی بەکرەجۆ دا جێگیر بوون.

ئەندامان و کادرەکانی حیزبی دێموکڕاتی ئێران کە ناتوانن یارمەتی مەلا مستەفا بدەن، دەچنە لای باڵی ئەحمەد تۆفیق و برایم ئەحمەد و لە گوندی بەکرەجۆ و لەوێ جێگیر دەبن. لەگەڵ کۆبونەوەکانی کوردە شۆڕشگێڕەکان لە سنوری ئێران، ساواک جگە لەوەی دەکەوێتە پیلان گێڕان بەرانبەر بەوان، بە گوێی مەلا مستەفادا دەخوێنن و لە ئەنجام دا پێوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و عێراق تێک دەچێ.




بەداخێکی زۆرەوە لە حەفتاکان دا هێزەکانی بارزانی هەڵدەستن بە کوشتنی ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران. بۆ وێنە « سدیقی ئەنجیری» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە لە کاتی عەبدوڵای ئیسحاقی دا ، بە دەستی ئەندامێکی پارتی دێموکرات لە بەرچاوی خەڵک بە دەمانچە دەکوژرێ.

لەم نێوەدا ساواک لە خۆشیدا ئۆقرەی نیە و دەست دەکات بە تیرۆری کادرەکانی حیزبی دێموکڕات و بۆ وێنە لە ساڵی ۱۳۴۸ دا کاتێک قادر شەریف دەچێتە ئاودەستی یەکێک لە مزگەوتەکانی سلێمانی لە ڕێگەی تەقاندنەوەی ڕۆمانەیەک ئەم مرۆڤە مەزنە دەکوژێت. قادر شەریف یەکێک لەو چوار کەسەیە کە لە هاوینی ۱۳۴۲ کۆمیتەی ساخکردنەوەی حیزبی دێموکڕاتیان پێک هینا کە ساواک ڕقێکی زۆری لێیان بوو( لە ساڵی ۱۳۴۳ مەلا ئاوارەش دەچێتە ناو ئەم کۆمیتەوە)

کۆمیتە بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەندامانی حیزب، سێ دەستە پێک دێنێت و دەیان نێرێتەوە بۆ ئێران.

قادر شەریف بەرپرسی یەکێک لەم دەستانەیە و مەلا ئاوارە بەرپرسی یەکێکی تریان و ....


سلیمان معینی

قادر سنوربەندی تایبەتی خۆی هەبوو، بۆ وێنە پاش کۆنگرەی دووەم، وەک دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆی لە گوندی «ورچەک» لە خاکی ئێران، مانی گرت، لەبەر ئەوەی کە تێبینی خۆی لەسەر ئاشتی کۆمیتەی ساخکردنەوە و ڕێبەرایەتی نوێ هەبوو....{...}

پاش لێدانە یەک لە دوا یەکەکانی ساواک لە جوڵانەوەی چەکداری کوردستان_ پێشمەرگەکان لە ئێران ڕایان کرد و لە کوردستانی عێراق کۆبوونەوە. قادر شەریف کە چەپ بوو، خۆی گەیاندە « بەکرەجۆ». قادر لەم کاتەدا بە یارمەتی جەلال تاڵەبانی و کادرەکانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ کەوتە ڕێکخستنی ئەو پێشمەرگە پرش و بڵاوانەی کە توشی گرفتی نەبونی ڕیبەرایەتی ببون.

ناوی ئەسڵی قادر شەریف، هاشم ئەقەلۆلتۆلاب (هاشم اقل الطلاب) بوو، هاشمی فەقێ ساڵە و « مام سلێمان» ی شیان پێ دەوت.


ملا محمود زنگنه

بە شەهید بوونی قادر شەریف کاوە ( جێگری مەلا ئاوارە) دەبێتە بەرپرسی پێشمەرگەکان. بەڵام ساواک بە دەستی یەکێک لە نۆکەرەکانی دوژمن کە جلی پێشمەرگەی لەبەردا بوو ئەم فەرماندە ئازایەی لە قەڵادزێ دایە بەر ڕەگبار و شەهیدی کرد. هەر کەسێک گیانی لە کاوە و قادر شەریف ستاند، ساواکی زۆر زۆر خۆشحاڵ کرد. لێکۆڵەرەوانی کۆمیتەی دژی خراپکاری لە ساڵی ٥٣ کە کاتێکی زۆر لە شەهید بوونی قادر شەریف تێدەپەڕی، خۆشحاڵی خۆیان لە گیان بەخت کردنی ئەو، نەدەشاردەوە...{...}

لەخۆڕا نەبوو کە بە لێک هەڵوەشانی «کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران» و شەهید بوونی کاک سیمایلی شەریف زادە ( کە هەندێک دەیخەنە مل مەلا مستەفا) و مۆعینیەکان، مەلا ئاوارە، مەلا مەحمودی زەنگەنە، مورادی پادامی(موراد شیرێژ) و... کاربەدەستانی شا بۆ ترساندنی خەڵکی کوردستان تەرمی ئەو شەهیدانەیان لە شارەکانی کوردستان لە دار دەدا و هاواریان دەکرد کە « ئەمە سزای خەیانەتە»!

بگەڕێینەوە بۆ قادر شەریف،
هاوینی ساڵی ٤٧ چوبووم بۆ «ئاڵۆت». ئاڵۆت گوندێکی سەر سنورە کە لە شاری بانە لە کوردستان هەڵکەوتووە. لەڕێگەی سوپای زانستەوە (سپاه دانش) من ئاڵۆتم ناسی. من تەمەنم زۆر نەبوو و مۆڵەتم لە دایکم و باوکم ورگرت کە تەنها بچم بۆ ئاڵۆت... هەرچۆنێک بوو ڕازی بوون... لە تارانەوە بۆ کرماشان و لەوێوە بۆ سنەو لەوێشەوە بۆ سەقز و پاشان بۆ بانە ڕۆشتم. ئێستە دەبوو بچم بۆ ئاڵۆت. ناسیاوەکەی منیش هاتبوە بانە تاکو ئێستر بە کرێ بگرێت. بەڵام جێبەجێ نەبوو و بڕیارمان دا هەرچۆنێک بێت خۆمان ڕێی کێو بگرینە بەر! ئەو کاتە هەر کەسێک دەچو بۆ ئاڵۆت دەبوو ئارەقی کێوبڕین و ڕێگایەکی دووری بڕشتایە! منیش کە قەت سەفەرم نەکردبوو و نەخارابووم...
شەو لە گوندێک ماینەوە و بەیانی ڕێ کەوتین، بە هەر مەینەتیەک بوو، تینوو و ماندوو گەشتینە ئەوێ... جوانترین بیرەوەری ژیانی من دەگەڕێتەوە بۆ ئەم گوندە پڕ لە مێهرەبانی و ترێ یە...
شەوانە لە دەرەوەی قوتابخانەکە دەخەوتین... ڕۆژێکیان، بەیانی زوو یەکێک لە خەوی هەستانم... چاوم کە هەڵبڕی ترسام، دیتم یەکێک بە چەک و فیشەکەوە لە سەر سەرم وەستاوە، لام سەیر بوو کە پێدەکەنی... وتی ببورە کە لە خەوم هەستانی، پرسیم ئێوە« چەتەن؟» پێکەنی وتی نا، چەتە یانی دز... وتم کەواتە «جاشن»، وتی نا، من و هاوڕێکانم کە دواتر دەیان بینی پێشمەرگەین و بۆ ئازادی خەبات دەکەین... ئەگەر من چەتە یان جاش بوایەتم دەمتوانی تۆ لە خەودا بکوژم و گوندەکە ئاگر تێبەردەم. ئێمە پێشمەرگەین، وتم یانی چی؟ وتی واتە ئەوەی کە ئێمە هەر لە سەرەتاوە کێشەی مردنمان چارەسەر کردووە... پاشان وتی، دوو سێ جار داکۆکی کردەوە «ئەگەر حەز دەکەی» وەرە بۆ مزگەوت، چونکە هاوڕێکانم لەوێن. مزگەوتەکە زۆر لە قوتابخانەکە نزیک بوو. دەور و بەری مزگەوتەکە لەلایەن پێشمەرگەوە گیرا بوو کە چەک و خەنجێریان پێ بوو. هەر کە گەشتمە هەیوانی مزگەوتەکە پیاوێکی بەڕێز کە چاوێکی خوار بوو، هاتە بەر دەمم و بە مێهرەبانی سڵاوی کرد... لە خاکینەیی ئەو پیاوە ڕامام.
وتی ناوی من قادر شەریفە « چاکی شکور... سەر چاوەکانم» وتم کوردی نازانم، پێ کەنی و وتی دەزانم. فەرمو دانیشە. ببورە کە لە خەو هەڵیان ستاندی... پاشان بە تێر و تەسەلی دوا. یەکێک لە پێشمەرگەکان برینێکی سوکی هەڵگرتبوو و یەکێک لە هاورێکانی خەریک بوو برینەکەی بۆ دەبەست... بیرم دێتەوە کە بۆ یەکەم جار وشەی ئیمپریالیسمم لە قادر شەریفەوە بیست. پاشان بە تەواوی و بە وردی شی کردەوە. بیرم دێتەوە کە باسی شۆڕشی سپی دەکرد و دەیوت ئەمە پلانی « کێنێدی»یە، شا سەرەتا نەدەچوە ژێری، تاکو ئەوەی کە ئەمریکا دۆکتۆر ئەمینی قورمیش دەکات و ئولتیماتۆم دەدات بە شا، شاش تێدەگات کە لەوانەیە ئەمینی جێی ئەو بگرێتەوە، ڕازی دەبێت.
پاشان وتی اوەیسی بە کوپتێر هاتبوە سیاومە( سیاومە گوندێکی ئەو ناوچەیە)، حوکمەت تینوی خوێنی ئێمەیە...
قازی محەمەدی هاوڕێی ئێمەش هەر ئەم حکومەتی پەهلەوییە لە سێدارەی دا...
باس لە « ئایەتوڵا خومەینی» کرا و قادر شەریف وتی جگە لە کێشەی کاپیتولاسیون و ئەو ئاماژانەی کە بە زایۆنیزمی کردووە، شتێکی نوێ ی لە قسەکانی دا نیە. بەڵام ئێمە ڕێز دەگرین لەو کەسەشی کە یەک لە دەی ئەو دژ بە دیکتاتۆرییەت هەنگاو بنێ...


برادر سلیمان معینی

ئەگەر چی بە گشتی قادر شەریف مرۆڤێکی چەپ و ڕادیکاڵ بوو، بەڵام ئەو ڕۆژە کە قادر شەریف و هەندێکیان(نەک هەمویان) نوێژیان کرد( سونییەکان لە کاتی خۆی دا نوێژ دەکەن). مەلا خەلیفە کە ئیمام جومعەو جێگەی ڕێزی خەڵکی گوندەکە بوو هاتە مزگەوت بۆ دیتنی قادر شەریف تا ئەو جێی بیرم بێتەوە پیاو ماقوڵانی گوندەکە هەمویان هاتبوون... شەوی دوایی پاش ئەوەی کە تاریکی داهات، لەوێ ڕۆشتن.
زیارەتی ئەو مرۆڤە مەزنە یەکێک لە دوو ڕووداوی گرینگی ژیانی من بوو، دیدار لەگەڵ قادر شەریفی دەریا دڵی دەریا سفەت، گۆڕانێکی قوڵی لە ژیانی من داپێک

هێنا کە من لە چاو ئەو دڵۆپێکیش نەبووم. نزیک بە چل ساڵە کە لە لای کەس باسم نەکردووە. پاییزی ئەمساڵ قادر شەریف و ئاڵۆتی جوانم لە خەودا بینی. دەتوت ئەو ڕۆژەیە کە بینیمن، وەک فیلکمێک بە بەر چاوم دا تێدەپەڕی. کە لە خەو هەستام، گشت ئەو بیرەوەییانەم دڕی کە لە بابەت«کازانتزاکیس»ەوە نوسی بووم. ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە نەکا ئەم بیرەوەییانە بم خافڵێنێت، هەر چەندە زۆرم زەحمەت پێوە کێشابوون.

بۆ نوسینی ژیان نامەی قادر شەریف داوای یارمەتیم لە زۆر خەڵک کرد، بەڵام بە داخەوەجگە لە دوو مرۆڤی باش و جگە لە ( هاووڵاتییەک کە بەرگری لە ساواک و تیرۆری قادر شەریف کرد) هیچ گرووپ و ڕێکخراوێک نەبوو کە لە وەڵام دا نەنوسێ: بەداخەوە ئێمە نایناسین...




ئەگەر وا بێت نەوەی نوێ بلێ چی؟

ئێستەش دەنگی لە گوێم دا دەزرینگێتەوە:

ئێمە جاش و چەتە نین. بۆ ئازادی تێدەکۆشین، جگە لە ئازادیش خۆشەویستێکمان نیە و تەنها ئامانجمان ڕزگاری گەلەکەمانە لە چنگ سەرکوتگەر.»

<u>* ژێرنوسەکان</u>

١. گەمەکانی ڕۆژگار یەک و دووان نین. بەر لە ئیمزا کردنی ڕێککەوتن نامەی ئەلجەزایر(واتە بەر لە شازدەی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٣) لەڕێگەی یەکێک لە بەرپرسەکانی ئیستخباراتی عێراقەوە بە ناوی نازم گوزار، بەرپرسانی حیزبی دێموکڕات بانگهێشت دەکرێن بۆ بەغدا و لەوێ لە ئوتێل حەموڕابی کۆنگرەی ٣ی دێموکڕات پێک دێت و قاسملو وەک سەرۆک هەڵ دەبژێردرێ.

دەڵێن عەبدوڵای ئیسحاقی( ئەحمەد تۆفیق) و کادرە پلە بەرزەکانی هاوڕێی لە عێراق دا ئەشکەنجە دەکرێن و دەکوژرێن... ئایا بەڕاستی بە هۆی ناکۆکی ناو خۆی حیزب کوژراوە؟ ئایا بە دەستی چەکدارەکانی مەلا مستەفا کوژراوە؟ یان بەعسیەکان کوشتویانە؟ ڕوون نیە.

هەندێک ئەم ڕووداوە ئاوا دەگێڕنەوە: « یەکێک لەو کەسانەی کە ئێستە ناسراوە، ناکۆکی هەبووە لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق کە لەو سەردەمەدا خۆی بە سەرۆکی حیزب دەزانی، ئەحمەد تۆفیق لایەنگری سەر سەختی مەلا مستەفا بووە و بە هۆی حەساسیەتی ساواک، گۆیا بارزانی داوای لێ دەکات کە خۆی لە شوێنێک بشارێتەوە، ئەویش خۆی تەسلیمی حوکمەتی بەعس دەکات. پاش ماوەیەک خەبەر دێت کە لە زیندان دا مردووە!»

٢. بیستومە کە هەوادارەکانی کاک سمایلی شەریفزادە کە دواتر لە ڕێکخراوێک بە ناوی « کۆمەڵەی یەکسانی» ڕێکخراو بوون، زیاتر لە سەر قادر شەریف دەزانن، بەڵام بە داخەوە من دەستم ناگات و خورما کەش لە سەر دارەکەیە.

دۆستێک بۆی نوسی بووم کە: لە کتێبێک دا بە ناوی کاروانی شەهیدان، بەرهەمی کەریمی حیسامی، ژیان نامە و وێنەی قادر شەریفی تێدایە، بەداخەوە ئەو کتێبەم دەست نەکەوت.

سوپاسی ئەو دۆستە بەڕێزانە دەکەم کە لە بابەت قادر شەریفەوە یارمەتیان داوم و تەمەنا لە خوشک و برا بەڕێزە کوردەکانم و هاووڵاتیەکانم دەکەم ئەگەر لە تێگەشتنەکانی من دا هەڵەیەک هەیە، بمبورن. من تەنها ویستومە ناو و یادی مرۆڤێکی هەڵکەوتووی وەک قادر شەریف زیندوو بکەمەوە.

بەداخەوە گەندەڵی دەسەڵات، وەفای بۆ دۆستانی دوێکە نیە. ئەگەر نا، جەلال تاڵەبانی و دۆستەکانی لە مرۆڤایەتی و پیاوەتی پیاوێکی قادر شەریف و سمایلی شەریف زادە داستانی زۆریان لایە. بەڵام کە

ڕێبەندانی ١٣٥٧ گەیشت« ئەوە بوو کەسانێک کە خاوەنی قسە بوون وەلا خران، و سەدان و هەزاران گوتە لە دەم دا خنکێندران» نەیان وت و نەیان نوسی. قادر شەریف نمونەیەکە. لە بابەت شوکرۆڵای پاک نژاد، ئەڵا قولی جەهانگیری، ئەحمەدی ئارامش، یان حەبیب ئاشوری(ئەو پیاوە ئایینیە پاک و عاشقە) نەوەی ئەمڕۆ چەندە دەزانێ؟ بەڕاستی دڵم گیراوە...

٤. (نامەی هاووڵاتییەکی بەڕێز کە بەرگری لە تیرۆری قادر شەریف کردووە):

سوکایەتی تۆ سەبارەت بە ڕژێمی ڕابوردوو لە ژێر ناوی کەسێکی نەناسراو بە ناوی قادر شەریف م بینی و بێزاری کردم. تۆ لە بیرت کردووە کە کاربەدەستانی ئەرکناسی ڕێکخراوی ئەمنیەت و ئیتلاعاتی وڵات لە سەردەمی شا دا چ خزمەتێکیان کردووە و چۆن لە کوردستان هەموو خۆڕاگرییەکیان لە بەرانبەر هەموو دژوارییەک دا دەکرد تا فیتنەی ئاژاوەچییەکان سەرکوت کەن؟ کەسانێکی وەک قازی محەمەد و مەلا ئاوارە و شەریف زادە مەگەر چ تاجە گوڵێکیان داوە لە سەری میلەت کە ئێستە بەڕێزتان بۆیان دەپاڕێیتەوە؟ پچۆ کتێبی سەرهەنگ مەنوچێهری هاشمی بخوێنەوە کە لە سەر خزمەتەکانی ساواک نوسیویەتی، تا تێ بگەی. ئێستە جەنابتان لە سەر کەسێکی بێ وڵاتی بە ناوی قادر شەریف نوسیوتە کە ساواک لە مزگەوتێک لە سلێمانی بە ڕۆمانە تیرۆری کرد. سەیرە! سلێمانی شوێنی ئۆپەراسیۆنی ساواک نەبووە و ساواک قەت لە مزگەوت دا تێکدەرەکان تیرۆر ناکات و جگە لە هەموو ئەمانە بڵێ بزانم قادر ی بە گوتەی جەنابتان شەریف کێ یە؟ ئێرانیە یان عەرەبی یا پەتی؟

* www.sedaye-ma.org ١٦ بهمن ١٣٨٤ – ٥ فوریه ٢٠٠٦